# بناء الذات ٨

أعوذ بالله من الشيطان الرجيم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين الرحمن الرحيم مالك يوم الدين اياك نعبد واياك نستعين اهدنا الصراط المستقيم صراط الذين أنعمت عليهم غير المغضوب عليهم و لا الضالين. أمين. والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى اله وأصحابه.

السلام عليكم ورحمة الله، له بەشی هەشتەم له بەیەك گەیشتنەکانی بناء له خزمەتتان بەردەوام دەبین بەشکو باری تەعالا بە لوطف و کەرەمی خۆی بیکاتە سەبەبی هیدایەت و لوطف و عینایەت ان شاءالله له دونیا و له ئاخیرەت (انه هو السمیع المجیب)، له خزمەتتان بەحسی ئەوەمان کرد باری تەعالا سوننەتی خۆی لەسەر هەموو مەخلوقات بە گچکە و بە گەورە بە بەسیطو بە موعەقەد نظامی تەقنینیی نیظامی تەکوینیی هەمووی کە لەسەرە خۆی کردبی بە سونەت، نەفسي سونەتیشی له سەر مەخلوقاتی ئیجراء کردییە، لۆیێ زەمەن ئەصله له تەکوین، جوهد ئەصڵە له تەکوین، وە ئەو نەوعەی خوا ویستیتی ئەویش ئەصله له تەکوین، هەر زەمانەك پازدان له سەر ئەو سێ خاڵە بوویتە سەبەبی خەلەل له بیناء له تەکوین، لۆیێ ئیمانیش، ئیمانیش له ئەسنای دروست بوون، کەئیمان عیلاقەیە له گەر باری تەعالا بەو نەوعەی کە خۆی دەیەوێ، ئەو نەوعە ئیمانە دروست بوونە له داخلی ئینسان باری تەعالا کو ئائەو حالەتانەی ئەو سێ نقطەی کردیتە رەئیسیەت له بەینی خۆی وبە ینی مەخلوقاتەکان، نەفسی وەقت ئەو ذاتەی کە دەیەوێ ئیمان دروست بکا له داخلی یان تەکوینی بکا و بینای بکا له داخلی، دەبی رعایەتی ئا ئەو سێ مجالانە بکا له بواری تنفیذ، تەماشا دەکەین رسول الله محمد (صلی الله علیه وسلم) رعایەتی ئا ئەو مجموعە خالە رئیسیانەی کردییە وە تنفیذیشی کردییە له سەر خۆی وە لەسەر ئەو وەسەتەی تیدا ژیایە، بەدئی عیلاقە دروست کردن بەینی الله وە بەینی (مەخلوقاتەِ) عیلاقەی ریسالی بەدئەکەی دەست پێ کردنی بە سورەتی (علق) بووە، مەعلومتانە هەرکیتابەك

که دادەنرێ موئەلیف موقەدمەی لە بۆ دەنووسی، موقەدمەی موئەلیف موحتە وای کیتاب بە موبەسەطی، وە مقصودی موئەلیف هەمووی عە رز دەکرێ لە بەینی چەند سەطرەك، پاشان کیتاب دەست پێ دەکا بە عەرضی ئوسوس، مبادئ، مفاهیم، ئەوجا شوروحات، ئەوجا وەسەط ئەوجا نهایەت، باری تەعالا کەونی بەو نەوعەی خەلق کرد مەخلوقاتی بەونەوعەی دەست پێ کرد بە خیلقەت، دیارە ئەو وەحیەی کە مستقبلاً دەبتە موصحەف کتابەك موستەقل، دیارە مقدیمەی دەوێ لۆیێ سورەتی (علق) مەتنی قورئانە، هەرچی مبادئی حاجی هەیە انسان بیزانێ وەلێی شارەزا بی، مطلوب بی لێی بە مفهومی عیبادەت لە ناو سورەتی علق تەجمیع کرایە کەلیمەی یەکەم (إقرأ) گوتمان خالّی یەکەمە، مەئموری یەکەمە بە نیسبەت پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) وە جەمعی مؤمنین، لەویەوە مبادئی ئیدکە دەردەچی وەکو (انظروا) (فلینظر الانسان)، (أفلا ینظرون)، (ألم یروا)، ئەوانە هەمووی لە ئیقرەئەوە دەردەچی کەینێ (إقرأ) بوو فروعاتی (إقرأ) ئەوانەی کە متابعی اقرأ دەکەن مەبدەئیات، لە (اقرا) وە عمقی خۆیان وەردەگرن، دیارە (إقرأ) کەئیذەن ئەساسەکە، مە بدەئەکە، لە بۆ حالّەتی ئاتی، کە أنظروا (فلینظر) (فلینظر الانسان) (أفلا یرونە)، ئا ئەوانە هەموی مەبدە ئەکەی لە (إقرأ)ەوەیە، ئیذەن (اقرأ) ئەصلّی ئائەو هەموو نوقاطنەیە، ئەو جە بەو تەسەلسولەی باری تەعالا مبادئ و ئوسوسی عیلاقە بینا دەکا ئەوەلەن بەینی ذات بە نسبەت مەخلوقات کە ئەوە محورەك مهیممە، مخلوقات عنوانی چییە بەنسبەت ذات؟ مقامی چییە مخلوقات بەنسبەت ذات؟ تەحدید و تەشخیصی وەی بەواسطەی قیرائە.

بەندی دووەم لە محوەری یەکەم.

ئینسان خۆی لۆ خۆی چییە ئەو کائینە؟

ئەو ذاتە ئەو مخلوقە چییە؟ خۆی خۆی بناسی، خۆی خۆی تەشخیص بکا کە خیلقەتەن چییە؟ پاشان ئەوجا خولوقەن چییە؟ طەبیعەت ومەنشەئی ئەو ذاتەی چییە؟ کەینێ کە قیرائەی خۆی کرد ئەو جوملە مەحاویرانە ئەو جوملە غوروفانە تاریکییانە کە لە داخلی خۆی هەیە ئەو وەختی خۆی خۆی لۆ خۆی کەشفی دەکا، خۆی دەبتە موشەخخصی خۆی.

میحوەری دی نوقطەی ضوعفی ئینسان ئەو کائینە مەخلوقە مەبدەئەن چییە؟ ئەوی لە بۆ تەحدید دەکا (رب العالمین)، هەرچی خەلەل هەیە لە چییەوە دەست پێ دەکا، ئەویلەبۆتەشخیص دەکا، عومقی ئەو نوقطەیەی ئەو خەلەلەی لە ذات چییە؟ بە قیرائە ذات کەشفی دەکا، حەلیشی لە بۆ دادەنێ، ئەوە هەتا ئێستا ئا ئەو دوو میحورە رەئیسیە مەربوطە بە ذات، لەگەڵ ئەو جوملە مەخلوقاتانەی کە تێیدا لەگەڵیان دەژی ئەوە(مبادئ)ن هەمووی، محوەری پاشی وی خاریجی ذاتە، ئەویش مەبدەئیەن، (رب العالمین) ئەو مخلوقەی لە بۆ تەحدید دەکا کە ئەصڵەن عیلاقەی سلبیە لە گەری، خیلقەتەن عیلاقەی سلبیە لەگەری، تەشخیصی دائرەی ئەو مخلوقەی لە بۆ دەکا، ئەو ذاتە وەختی خۆی کوو بووە لەگەر خالقی خۆی؟ ئەو مەخلوقە موبهەمە هاتییە چ دەورەکی ئەدا کردییە بەینی خالق و مەخلوق، بەینی ئینسان و بەینی اللە چ دەوری ئەدا کردییە؟ (رب العالمین)ئا ئەو مەرحلەیەیی لە بۆ تەشخیص دەکا، ئەویشی لە بۆ عیلاج دەکا نەفسی وەقت، یەعنی (داء) نەخۆشی، ئەعراضی، عیلاجی.

میحوەری چارەم:

ئەوە ذات بوو عیلاقەی لەگە (رب العالمین) بە حالەتەك دادەچوو فوجئەتەن کائینەك مەخلوقەك هاتە وەسەط ویستی دەورەك (أداء) بکا، حەتمەن ئەو دەورە ئەداء کردنە دەبی لە داخلی ذات ئینسانەکە جێیەك هەبی، بۆئرەك هەبی مەنطیقەك هەبی تانیبی ئەو مخلوقە دەخیلە بەینی ئینسان و بەینی اللە، بتانی (اختراق)ی کا، (رب العالمین) ئەوێش تەحدید دەکا لە ئینسان.

میحورەی پێنجەمە:

کو بتانی ئائەو مەنطیقە جوغرافیە ئائەو حالەتە نەوعییە ئەو مخلوقە کە دێ بەینی (اللە) و بە ینی ئینسان تەدەخول دەکا، (رب العالمین) مەنطقە جوغرافیەکەشی پێ تەحدید دەکا تەشخیص دەکا، لە عەینی وەقتیش عیلاج لەبۆ ویش دادەنێ، لە ئەسنای تەحدیدی تەدەخولی مەخلوق بەینی اللە و بەینی ذات، تەشخیصی مەکانی، جغرافی، وە

عیلاج دانان لە بۆ عدم ئیستمراریەتی ئەو حالە مەبدەئییەن، عیلاجەکەی دەکاتە اساس لە بۆ مەراحلی ئاتی.

گوتمان (اقرأ) مەبدەئە لە بۆ (أنظر) لەبۆ (فلینظر)، (فلیری)، (أفلا یرون)، (ألم یری الانسان)، ئەوە هەمووی ئەرضیەیە کەلیمەی (اقرأ) لە بۆ ئەو حالەتە، کە دێ وەسفی انسان دەکا لە سەر کەلیمەی انسان باری تەعالا (شتی تکە) بینا دەکا، ئەوجا مەحاورەکان بەو نەوعەی بە تەعمیقی ئەو مەحاویرانە سەبر سەبر، بەند بەند، مەرحەلە مەرحەلە، باری تەعالا ئەو مەحاویرە رەئیسیانەی کە لە ناو سورەتی (عەلەق) دایناب‌ی بە سووەڕی تکە تەبیینی دەکا، تەعمیقی دەکا، و کەشفی دەکا، ئەما بەبینائەك هادئ بە تەکوینەك رەتیب، بە موحتەوایەك صحیح، بەبێ ئەوەی انسان لە ئەسنای دروست بوون و بیناکردن احساس بە هیچ دەفەعات و هەجەماتی خارج و داخل نەبی، کو لە فەترەی جەنینی نمو دەکا گەشە دەکا بەبێ ئەوەی احساس بە ئەثەرکی سلبی بکا، نە لە داخلی خۆی نە لە خارج، ئەو نمووە طبیعیە، عادیە، خیلقیە، دەست پێ دەکا، احساس بە خەلەل ناکا بە هیچ نەوعەك، تەکوینی ئیمانیش جەنینییەن لە داخیلی انسان ئەبەو نەوعەی سەبر سەبر بەو هدوئە، بەو ئیستیقرارە لە داخلی ذات تەزکیە دەبی و نمو دەکا هەتا دەگاتە مەراحیلی نییەائی، هەرچی مەبدەئەك لە تەکوین هەبووبی لە سورەتی عەلەق تەئسیس کرایە، هەرچی میحوەرەك لە نەقصی ذات هەبوو بی بە تشخیص لە سورەتی عەلەق تەحدید کرایە، هەرچی علاقاتی سلبی هەبوو بی بەینی مەخلوقی دەخیل لەگەل انسان و اللە، وە پاشان تەعمیقی تەشخیصی ئەو مخلوقە دەخیلە بە خۆی و بە عەناصری و بەموعەسکەری دیسان لە سورەتی عەلەق تەحدید کرایە، معالجەی ئائەو حالەتە دەخیلیە دیسان لەحیم کردنی ئەو قەطعە رب العالمین تشخیصی کردییە، سەبر سەبر ئەوجا بینا دەکا، بەو نەوعە هەتا ایمان دەگەینیتە سەقفی ئەعلا، لۆیێ سورەتی عەلەق موقەدیمەی قورئانە لە بۆ بینا، پێشەکییە لەبۆ قورئان، لەبۆ ئەو ذەواتانەی کە دەیانەوێ بینای خۆیان بکەن ئیمانییەن.

معلومی هەموومانە هەرچی بینائەك لە وجود كرابی بە ئەساس دەكرێ، ئەساس دەبی عارد هەبی، هەتا بناغەی لە سەر لێ بدرێ، ئەوجا پاشان دیوارەكان ئەو جا سەقف، هەرچی بینا هەبی چەند موبەسەط بی دەبی رەسمی هەبی، هەرچی بینایەك هەبی لەسەر كەون، لەسەر وجود چەند بەسیط بووبی دەبی ڕەسمی هەبی، بەبێ ئەو ڕەسمە ئەو بینایە ناكرێ، ئەو بینایە كە ئەو ڕەسمەی پێ ضرورەتە ئەصڵە تێیدا، دەبی مكشوف بی لەلای بانی، ئەقەللەن ئەبجەدییاتی ئەو ڕەسمەی لەكن هەبی، بتانی ئەوجا ئەو ڕەسمە شعوریاً تەنزیل كاتە سەر قاعدە تەنزیلی كاتە سەر واقع، لۆوەی بە واقیع بە و واسطەی ڕەسمەكەی شتەكەی بینا بكا و ئیجادی بكا لەسەر وجود، مەوقیفی سوەڕەتی عەلەق ئەوهایە، رەسمەكە، خەریطەكە، موبەسەط هی قورئان، پاشان سەبرسەبر رب العالمین هەر مەقطەعەك وەردەگری تەكبیتی دەكا، تەوضیحی دەكا، تەجسیدی دەكا، تەجسیمی دەكا، لۆوەی فیعلەن حالەتە (نمو)یەكە طبیعی بی، كەشف نەكردنی ئائەو عیلاقاتانە، ئەوەلەن ذات لەگەر مخلوقات، پاشان ذات خۆی لۆ خۆی، لۆوەی بەصەماتی ئاثاری خوای تێدا كەشف كا أسماء الله هەتا ئەو مەرحەلەیە قطع نەبی نەبیتە حالەك خولوقی لە داخلی انسان، أسماء الله بە حەقیقەتی خۆی استیعاب ناكرێ، الا خەلەل هەیە لێرە، كەینێ ئەو دوو بەندە لەو میحوەرە هاتە جێ، حەقیقەتی (رب) بە (ربك) (ربي أنا) ئەو وەختی دێتە جێ، ئەو وەختی عیلاقە ی صەمیمی و صەحیح دروست دەبی بەینی ذات و بەینی رب، ظاهرەن وە داخیلەن دیارە ذات جوملە نەقصی زۆرە، چونكی لە بیئەك مەوجودە ئاثاری لە سەر هەیە، سلبیاتی زۆر ئەو بیئەیە، باشە ئەو سلبیاتە ئی ئەو بیئەیە، ئەثەری چییە لەسەر ذات؟ كە دێ تەماشای خۆی دەكا، خەلەل لە خۆی هەیە لە داخیلی ذات خەلەل هەیە ئەو خەلەلەیە اسقاط دەكاتە سەر مقابیل، عەكسەكەی صەحیح نییە، ذات خۆی نە خۆشە، لۆێ مەجال دەدا میكروب ڤایروس هجوم كاتە سەری، نەخۆشیكا خۆی خەلەلی هەیە، ئایا ئەو خەلەلە ئەو نەخۆشیە پێی وەی(مخلوقە)؟ سوڕەتی عەلەق دەفەرموی نەخێر(مستحدث)ە، ئەو موتابەعە نەوعیە بەو هدوئە، وەكو بینای انسانی وەكو هەر مەخلوقەك رب العالمین خەلقی كردبی بە

مەرحەلەی تەکوینیی و جەنینیی و تەکوینیی و مەراحلی ئاتی لەسەر بینا کردبی بەو هدوئە بەو استقرارە باری تەعالا لە سووەڕی دی معالجەیئا ئەو ئومورانە دەکا، مەثەلەکی دەقیق هەیە حەزم لێیە لە خزمەتان بەحسی کەم: ئەویش مندال غالیبەن ئەو مەثەلەیە تکرار دەکەینەوە چونکی لە حەیاتمان زۆر نزیکە، وە هەمووشمان پێدا رۆیشتینە، وە قابیلی تکرارە لە حەیاتمان موکەررەرە، جەنین رب العالمین رعایەتی تەکوینی کردیە خەلیە خەلیە لە ناو زگی داکی، رب العالمین تەوجیهی خەلییەکانی چاوی کردییە لە بۆ چاو، خەلییەکانی دەست لە بۆ دەست، خەلییەکانی گێ لە بۆ گێ خەلییە ی زمان لە بۆ زمان، بە مەلایین خەلایە هەیە، کێ موشریف و مودیر بووە لە سەر ئەو جەنینە؟ (اللە)، بەبێ ئەوەی نە داك نە باب نە خۆی قودرەت و سەیطەرەی لەسەر ئەو حالەتەی هەبی، ئەدنا خەلەل لێرە کەمترین دەرجە لە خەلەل، خەلەلی دروست کردییە لە تەکوینی، تشویهـ دروست بووە، مەثەلەن خەلیەکانی چاو تەوەجوە نە کرێن لە بۆ چاو، چاو دروست نەکەن ضمور پەیابووە لە چاو، نەیتانییە چاو کە ئەداتەکی صەحیح دەوری خۆی ئەدا بکا، رب العالمین زەمەنەن رعایەتی ئەو حالەی کردییە، ئەو منداڵە هاتتە سەر وجود ولادەی بوو احتیاجی بە شیر بووە باری تەعالا لە ئەقرەبی ناس، ئەڕحەمی ناس، کە ریعایەت بکا دایکی، هەر لە سینگی دایکی شیری لەبۆ تەئمین کردییە غیذاء، ئەو منداڵە غیذائی خۆی وەرگرتیە بەو کەمییەتەی کە خۆی موحتاجە لەبۆ تەکوین، منداڵ کە شیری سینگی داکی خۆی وەرگرتییە، هەضمی کردییە، کردیتیە طاقە لە بۆ نموو، ئایا ئەو خۆی منداڵەکە احساس بە تەغییر و بە دەوەرانی ئەو طاقەیەی کردییە لە ناو بەدەنی؟ لە جەواب نەخێر، خۆی تانیتی ئیشڕاف لەسەر ئەو حالەتە بکا؟ نەخێر، قووەك خاریجی دەتانی ئیشڕاف لە سەر نمووی ئەو منداڵە ی بکا؟ نەخێر، هەمووی مەجهولن ئەوانە، کێ دەیکا؟ ئەو خالیقەی کە ئەصلەن لە ناو زگی دایکی ریعایەتی کردبی نەفسی خالیق لە دەرێش رعایەی دەکا، ئیذەن ئەو تەکوینە نمووە جەنینییە هادیئە موتەوازینە موتەساویەهەموو رب العالمین موهەیمنە لە سەری، ئەدنا خەلەل لە تەوزیعی طاقەی شیری داکی لە ناو بەدەنی ئەو منداڵە خەلەل لە

تەكوینی دروست دەكا دیسان، مەثەلەن طاقەی تەكوینی ئەو شیرەی لە بۆ چاوی بچی بەس گێ محروم بی گێی سەقەت دەبی، بەس لەبۆ دەستی بچی لاقی لێی محروم دەبی، باشە كێ ئەو تەوزیعە نەوعیە ئەو تەوزیعە هادیئە موتەجانیسە بەسیطە ریعایەت دەكا غەیری خوای؟ (اللە)، ئەگەر ئەوە مادده بی هەموو جەنینەك رب العالمین ئەوها ریعایەتی بكا، هەرچی ویلادەی دەبی ماعەدای ئینسانیش (رب العالمین) ئەوها رعایەتی بكا، ایمانیش كە قورئان كەتەلۆكی تەكوینیتی بەو هودوئەی بەو ئیستیقرارەی پاشی دوخولی انسان لە بۆ دائرەی مەطلەبی ایمانی رب العالمین وەكو شیر سەبر سەبر ریعایەتی دەكا، بەبێ ئەوەی جەنینی ئییمانی احساس بە ئیرتیباك بكا، بەبێ ئەوەی جەنینی ئیمانی احساس بەوەی بكاكەفعلەن تووشی (رەكاكەتەك)، تووشی حالەتەك (انزعاج)، تەضییقەك فەوقی خاریجی یان داخیلی، هیچ وەقتەك احساس و شعور بەو حالەتانە نەكا، ئوتوماتیكییەنیش سەبر سەبر لە نموو دابی، ئەمما جاروبار وەكو ئیشاراتی مرور لە خارج ئیحتیاجی بەوەی ببی لەو مەرحەلەیە ئەتو نەقل بوی لە بۆ فلان مەرحەلە، وەكو ئیمتەحانی مامۆستا لەبۆ طەلبەی، احساسی پێ بكا طەلەبەكەش خۆی لە چ مستەوایەك لە چ دائیرەك علمی دەسورێ، مستەواو ایمكانییەتی چەندە؟ رب العالمین بەواسطەی سورەتی عەلەق ئەو تەوزیعە ئیمانییە نەوعیە دەكا، وە ریعایەتیشی دەكا سەبر سەبربەشێنەیی هەتا مەراحیلی نییەائی، ئەگەر هاتوو جەنینەكەی كەبەحسمان كرد، رعایەتی ئەوەمان نەكرد ئە مە ئەو جەنینە مەعیدەی گچكەیە، قابیلیەتی وەرگرتنی ماددەی مەحدودە، هەستاین لە خۆمانەوە ماددەمان دایێ ئەوەی مولاحەظەی كردبی، ئەو مندالانەی كە بە غەیری شیری دایك نمو دەبن، ئەوەی مندالی هەبووبی برای یان خۆی، مندالی هەبووبی، تەمەشا دەكا نمووی ئائەو مندالەی كە بەشیری غەیری داك گەورە دەبی نمووەك طەبیعی نییە، نەوعە قەلەویەكی پێوە دیارە قەلەویەكە طەبیعی نییە، كە تەمەشای دەكەی خین ساردییەكی تێدا دیارە، یەعنی وددت لەبۆی ناچی، علماً موحتەمەلە مندالەك غەرییبیش بی ئەمما بەشیری دایكی خۆی پەروەردە بووبی، ضەعیفیش بی لاوازیش بی، ئەمما طبیعی بی نمووی،

قودرەتی بە دەنی صحیح بی، عاطیفەتەنیش ذات حوببی لەبۆ بچی، وددی لە بۆ بچی، شەفەقەی پێ بکا، ئەوە (مجرد) فاریقەکە ئەوەندە بوو، بە نەفسی کەمییە، بە نەفسی نسبەت شەبیهی شیری دایك، شیری تکەیان لە بۆ دروست کردییە، هەر ئەوەند دروست کرایە، دەستی ئینسانی گەیشتیتێ، ئەوە انتاجی بووە، ما عدای ئەوە یکە (فعلا) زۆرجارئەو شیرە صناعیە تەخەلوفی عەقلی تەخەلوفی تەکوینیی دروست کردییە، تەشەوهی دروست کردییە، لە خیلقەتی یان لە طەبیعەتی ئەو منداڵە ئەگەر مەثەلەکەی بینینە سەر تکوینی جەنینیی ئیمان، هەر ذاتەك توشی تەقدیم و تەئخیر بووبی لە ئە ثنای (عطاء)، تەقدیم و تەئخیر لە تەکوینی ئیمانیی لەسەر کرابی، غەیری ئەو طە ریقەیە تەشەوهەکی نەوعی تێدا موجودە، ئیللا خەلەلەکی تێدا مەوجودە (ان شاء او أبی)، محتەمەلە غەیر یان خۆی کەشفی ناکا، ئەمما رۆژ دێ بە واسطەی ئا ئەو ئیمتحانەی وەکو مامۆستا دەیکرد لە بۆ طەلەبەی لە بۆ ئیعلامی طەلەبە ی بە مستوای خۆی، رب العالمین کە تووشی حالەی ئیبتلائی دەکا ئەو وەخت موحتەمەلە ئیحساس بەوبەو وەضعەی بکا، ئیحساس بەو خەلەلیە تە بکا کە ئیمانییەن تێیدا موتەوەفیرە، ئەو وەختی ئیحساس بکاکەفعلەن ئیمانییەن خەلەل هەیە، کەینێ؟ فعلاً خۆی لەسەر خۆی موستەبصیر بی، ئەمما غالیبەن کە تووشی ئیبتلائیش بووبی غەیری پێوە موتەهەم کردییە، خاریجی خۆی، غالیبەن بیئەی موتەهەم کردییە واقیعی موتەهەم کردییە، ذاتی موتەهەم کردییە، زۆر جار موسڵمانی موتەهەم کردییە ئەمما خۆی بەریئە لە ئیشکال، لە حەیاتی خۆمان لە دەوروبەری خۆمان زۆر ئەو تەشکیلاتانە دەبینین، لۆیێ بە سەریعی چاو گیڕان بەناو خۆماندا، وە لەو ذەواتانەی وەکی مەنە موعاناتیان هەیە لە دەورو بەری خۆمان جوغرافیەن یان قیچەك دورتر، زوو بە سەریعی دەکرێ تەشخیص بکرێن ئەو خەلەلانە، ذات لەبۆ خۆی بتوانین ئەمە تەشخیص بکەین لە بۆ مقابیل، ئەگەر فەردیش نەبی لە بۆ تەجەموعات لەبۆ تەشکیلات ئەوە لە ناو صفوفی متەدەیینیین خاجی حفوفی هەر بەستە زمانانە هەر ئیشکالاتیان زۆر لەوەی گەورە ترە، موعاناتیان زۆر لەوەی عەمیق ترە، لۆ؟ وەکی شیری صناعییەکەی دەست لە صیغەی تەرتیبی دانی

ماددەکەیە، لە جیاتی شیری صناعی، ئەجنەبی، شیری حەیوانیان دایتێ، کە زۆر چڕوپڕترە لە ماددەی تەکوینی، معلومی ئەو برادەرانەیە کە (صحي)یەن کە لە معهد صحهەو لە طوب شارەزان بووبن سینگی دایك لە ئەثنای ویلادەی منداڵ دوو سەعات، دوو سەعات هەتا چەند رۆژ نسبەتی تەکوینی ئەو شیرهی دەگوڕێ لە سینگ، وفقی حاجەی منداڵ، مەثەلەن دوو سەعاتی یەکەم شیر نییە مادەکە هەمووی دژە لەشە (مضادات حيوي)یە لۆوەی فعلەن ئەو منداڵە ئیحتیاجی یەك جوملە دەرزیە، لە بیئەك سلبی، لە بیئەك غهێر سەلیم دەژی، علمەن ئەو بیئەیەی تێیدابوو ئەصلەن (محمي) بوو لە هەموو میکرۆب و ڤایروسەك، ئیحتیاجی بە جملە ك دەرزی و حبوب و مشروب هەیە هی صحی وطبی، باری تەعالاهەر ئەصلەن لە سینگی دایك لە بۆی دانایە، هەر ئەصلەن لە تەکوینی شیر وەبزانم هەتا حەدەك دورە ئائەو دوو سەعاتەی دایك بە سینگی خۆی شیر دەداتە منداڵ، قەناعەتتان هەبی (ولله المثل الاعلی) نەفسی ریعایەت دەکا رب العالمین لە بۆ تەکوینی ئیمان بە سوڕەتی عەلەق، لۆیێ هیچ مەئموڕات نییە لە بیدایەت، هیچ تەکلیفات نییە لە سەر ذات لە بیدایەت، ئیللا ئەحاسیسەك خۆی ئەسڵەن لەناو داخلی ئینسانەکە وەکو حاجە لە بۆ شیر کە منداڵ حاجەی بوو دەگرییێ، ئەو ذاتەش وەکو حاجە چی ئیحتیاج بی داخلییەن لە ئەثنای تەکوین هەر ئەوەندە رب العالمین مەجالی دایتێ، فە ئەگەر ئەوە مەثەلی خوای بی لە خیلقەت مەخلوقات، نەفسی مەثەلیش دەکرێ تەشخیص بکرێ لە تەکوینی ئیمان، لویێ فوجائییەت فوجئەتەن ئینسان ئیحساس بکا هەتا دونێ و پێرێ لە خاریجی مزگەفت بوو، فوجئەتەن ئیحساس بکا بووە کابرایەکی مؤمن، هەتا دونێ و پێرێ لە جادە پیاسەی دەکرد، خەونەکی دیت، گێی لە شریتەکی بوو، چووە خوتبەك، رەمەظانەك هات، بوو بە نوێژکەر، یەکسەر لەجادەی دێتە ناو مزگەفت! هاتە ناو مزگەفت قورئانی درا دەستی، پاشی وی کیتابی درا دەستی، دەی سەبر سەبر بەو نەوعەی، مامۆستای چی وەرگرتبی، بە چ نەوعییەکی وەریگرتبی، ئائەوەی لەبۆ نەقل کردییە، توخدا حەقی نییە وەکی من دەربچی! ئەنواع و ئەشکال ئەخطاء ئەنواع و ئەشکال، پاشانیش کە تووشی حادیثەك

ببی خوایپێوە موتەهەم بکا، لۆ رب العالمین تەدەخول ناکا؟ لۆ رب العالمین تەوفیقمان نادا؟ لۆ رب العالمین (معین) مان نابی لۆ لۆ لۆ...الی أخره.

نازانم حالەتەك هەیە هەتا لە ئەثنای فێرکردنی قورئان، وەختی خۆی ئەمە کە قورئان فێر دەکراین بە (جزء عم)ە دەست پێ دەکرا لەگەرمان، بە سورەتی ناس، پاشان سورەتی فەلەق، پاشان دەی بەو تەرتیبەی یەعنی عەکسی تەرتیبی قورئان، دەزانن ئەوە سوننەتە لە هەموو کو ڕەی ئەرض، لۆ؟ کابرا من حیث لایدري ماموّستا لە پشتەوە دەست پێ دەکا، چونکی پشتەوە دەرێ سووەڕی قیصارە، ئەگەر کابرا دکتۆراشی هەبووبی لە لوغەی عەرەبی، هەر لە سووەڕی پشتەوە بە گچکەلەگەری دەست پێ دەکا، (فیطرة)تەن ماموّستا، لە سەر هەموو کوڕەی ئەرض حوکم دەکا بەوەی (فیطرة)تەن دەبی بە گچکە دەست پێ بکرێ، بە بەسیط دەبی دەست پێ بکرێ، لە بۆ ئەوجاپاشان پشتاو پشت لە بۆ قوڕئان لە بۆ سورەتی (بقرة) و لەبۆ وانە دەچی، هەموومان بەو نەوعەی غالیبەن قوڕئان فێرکراینە، دەزانن ئەوە ئیقرارە لە بۆ تەرتیب، لە بە سیط لە بۆ تەعقید، لە سفرەوە لە بۆ مالانهایە، لە بەدئی تەکوین لە بۆ سەبر سەبر هەتا... کتابەك هەیە القاعیدە البغدادییەی پێ دەگوترێ، ئەوە مەعروف ترین کتابە لەبۆ فێرکردنی مندالٌ، تەجوید فێر کردنی مندالٌ، باشترین کتابە (القاعدة البغدادیة) قەدیمە ئی ئێستا نییە، ئەوەی ئەگەر بە دەستی کەوی تەماشای بکا لە ناو قاعیدەی بەغدادیە جزو عە ممە بە مەقلوبی مطبوعە جزو عەممە لە سورەتی ناس یەکەمین جار طبع بووە پاشان فەلەق پاشان (قل هو اللە) بەونەوعەی چویتە دوی، نەك جزو عە ممە خۆی وەك ئێستا کوبی بەونەوعەی داندرابی، نەء! هەرعەکسیان کردییە، هاتینە ئەوها طەبعیان کردییە، ئەوەلەن سورەتی (ناس) یەکەمین سوەرت، سورەتی دووەم سورەتی فەلەق، سورەتی سێ یەم سورەتی قل هو اللە بەونەوعەی بە دوو داچووە، لۆ؟ چونکی قاعیدة البغدادیة پاشی چەندەها سالٌ بە عەشرات عوقود کە مندالٌیان فێرکردییە گەورەیان فێرکردییە ئیلا بەو ئوسلوبەی فێری بووە، ئیذەن ئەوەی بیەوێ و نەیەوێ ئیلتزامی بووە بە صیغەی عەطائی ئیمانیی وە عیلاقە دروست کردنی ذات لەگەر قورئان بیەوێ و نەیەوێ ئیرطیباتی ئەو حالەتەی

بووە، ئەمما هەر ستریشی کردییە، لە بەرووەی لە ناو فطرەی داهەیە بەونەوعەی تەطبیقی کردییە بەو نەوعەی، ناشزانی لۆ ئەوهای کردییە، عیلمەن ئەو حرۆفانەی سوڕەتی فاتیحە و بەقەڕەی پێوە دروست بووە نەفسی حروفن سوڕەت ناس و سوڕە تی فەلەق و سوڕە تی (قل هو اللە) (الم تر) ی لێ دروست بووە، نەفسی کەلیماتە نەفسی حڕوفە ئەمما فیطرەتەن لێرە لە گچکەوە لە بۆ گەورە، لە بەسیطەوە لە بۆ معقد، فیطرەت ریعایەتی ئەو حالەتەی کردییە، مامۆستاش فیطرەتەن ریعایەتی ئەو حالەتەی دەکا لە بۆ تەعلیمی منداڵ یان هەتا گەورە، هەتا مولاحەظەم کردییە ئەمن شەخص هەبووە مودەڕیس نەی زانییە قورئان بخینی، کە فێرە قورئان کرایە بەو نەوعەی فێر کرایە بەجزو عەمەوە لە پشتی قورئان سەبر سەبر بەو نەوعەی، لۆ؟ لۆوەی فیعلەن خەلەل لە ئەثنای عطاء دروست نەکرێ، کابرا ذهن و فیطرەی گچکەیە جارێ دەبی کەمی بدرێتێ، سەبر سەبر ئەو کەممە زیاد بکرێ، لۆوەی بتانی قەلبی ئیستعابی بکا، ئەوە فطرەی بەونەوعەیە، باشەئەدی ئەو خەریتەیەی کە رب العامین داینا بوو لە بۆ تەکوین و تەنشیئەی ئیمان؟ ئەو ئەصح ترە ئیتباع نەکرێ؟ بەرێ لە جواب دەرێین ئەو ئەصح ترە ئیتباع بکرێ، ئەوە سوڕەتی عەلەق هەموو مەحاویڕەکانی تێیدا بەتەدقیقی، کە دێینە سەر سوڕەتی (قلم) باری تەعالا میحوەڕەك لەو محاویڕانە وفقی حاجەی ئیمانی ذات دەست پێ دەکا بە تەشکیل کردنی، بەندەکەی ناو سوڕەتی عەلەق سەحب دەکا لۆ سوڕەتی (قلم) لەوێ تەعمیقی دەکا، نەفسی شت لە سوڕەتی (مزمل) بەنەدەکی دکە لە سوڕەتی عەلەق سەحب دەکا باری تەعالا زیاتر حەفر و تەعمیقی دەکا لە سوڕەتی (مزمل) ئەو مەقطەعەی لە سوڕەتی قەلەم مابی ئیضافاتی لەبۆ دەکا، بەو تەشکیلیەی ئیمان سەبر سەبر لە تەکوین و تەنشئە دایە هەتا مەراحلی کە خودا ئیزنی لە سەرە لە بۆ رضوان، ئەمما ئەدنا (تقدیم أو تأخیر) وەکو شیرە صناعیەکە کو ئەثەری سلبی بوو لە سەر تەکوین، ئەبەو نەوعەی ئەثەری سلبی دەبی لەسەر تەکوین، وە واقعیشمان واقعی کوڕەی ئەرض بە موتەدەینین و غەیری موتەدەینیین، باشترین دەلیلە لە بۆ ئەو حالەتە، لۆیێ پێمان ضرورەتە ریعایەتی تەنشیئەی ئیمان بکرێ وفقی ئیڕادە و خەریطەی خوای.

لە ئەخیر دوعا دەکەین تەمەنا دەکەین رەجا دەکەین لە باری تەعالا، باری تەعالا خۆی موشریفمان بی لەسەر تەکوینی ئیمان، ریعایەتمان بکا، خۆی مووەفیق بی، معین بی بە هیدایەت، خۆی دەستمان بگری، خۆی دەفعمان بکا لە بۆ ئائەو نەوعە ئیمانەی کە (خیر هذه الامة) پێوەی موتتەصیف بوون، وە حیفظمان بکا بەو ئیمانەی لە شڕوڕی هەموونەوعە شەیاطینەك لە زەمانی خۆمان، یان پێشی مە، یان پاشی مە (أقول قولي هذا وأستغفر الله لي و لكم سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين).